https://www.doi.org/10.31918/twejer.17mlc.2

e-ISSN (2617-0752)          p-ISSN (2617-0744)

# له دەسدانی زمان له دەسدانی نەتەوەیه

پ. د. رفیق شوانی
Rafiq.shawany@yahoo.com

**پوخته**

زمـــان پێناســـەی نەتەوەیە و بـــوونی نەتەوە دەســـەلمێنێ، هەمـــوو چالاکیەکی بوارە جیاجیاکانی ژیانی نەتەوە لەڕووی خزمەتی فەرهەنگی نەتەوەییەوە بە زمان ئەنجام دەدرێت.

زمـــان یەکـــێکە لە بنەماکـــانی پێکهێنـــانی نەتەوە، چـــونکە نەتەوە بەزمانەکەیەوە دەناسرێتەوە. بۆیە زمان پێویستە لە لایەن میللەتەوە بەرز ڕابگیرێت و بپارێزرێ، بایەخ و گرینگی پێبدرێ.

ئەمەش بە هـۆی بەکارهێنـانییتی لە بـوارە جیاجیاکـانی بەڕێـوەبردنی دەوڵەت، پەروەردە و فێرکـــردن، ڕاگەیانـــدن و بڵاوکـــردنەوە، دانـــان و وەرگێڕان، واتە هەموو چالاکییەکی نیشـتیمان و نەتەوە بە هـۆی زمـانەوە جێبەجی دەکرێ.

ئەو میلەتـانەی کە زمانیـان نەمـاوە وەکـو ئاشـوری، میـدی، بـابلی و ئەکەدی ئێستا بە مردوو دادەنرێن.

پێویسـتە لەسـەر تـاک و دەسـەڵاتی کـوردی، زمانەکەیـان بپـارێزن و خزمەتی بکەن، نابێ لەچاو زمانی ترەوە نزم سەیر بکرێت، یـان زمـانی تـر زاڵبکرێت بەسەریدا و ببێتە جێگرەوەی هەتا هەژموون پەیدا بکات و زمانە نەتەوەیەکەمان پەراوێز بخرێت.

لە کوردسـتاندا ئێسـتا هەژمـوونی زمـانی ئینگلیـزی بەسـەر زمـانی کوردیەوە بە ئاشکرا دیارە، کە ئەمە جێگەی قبوڵکردن نیە. زمـانی کـوردی تەنانەت لە بواری زمانی زانستیشدا هیچی کەمتر نیە لە زمانـانی تـر. ئەم باسە، باس لەو مەترسیە دەکات بۆ سەر زمانی کوردی.

**وشـه کلیلییەکـان**: زمـان، نەتەوە، زمـانی کـوردی، سیاسـەتی دوزاری، سیاسەتی زمان.

## لە دەسدانی زمان لە دەسدانی نەتەوەیە

### ١- بوارەکانی بایەخدان بە زمانی کوردی

١-١- بواری دەنگ

١-٢- بواری زاراوە

١-٣- بواری ڕێزمانی

١-٤- بواری ڕێنوس

### ٢- سیاسەتی دوو زاری

### ٢-١- مەترسییەکانی بۆ سەر زمانی کوردی

٢-١-١- هەژموونی زمانە ئەوروپاییەکان

٢-١-٢- کردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی

٢-١-٣- ناڕێکی و سەرلێشێواوی و یەکنەبوونی ڕاگەیاندنی کوردی و نەبوونی یەک دوانی (یەک خیتابی)

٢-١-٤- نەبوونی ڕێنوسێکی یەکگرتوو

٢-١-٥- یەکنەبوون و یەکنەخستنی پیرەو و پرۆگرامی خوێندن لە ئاستی نەتەوەییدا

٢-١-٦- لاوازیی کەسایەتیی کورد و کەمتەرخەمی و بەکەمزانینی زمانی کوردی لە ئاست زمانانی تردا.

## ٣- سیاسەتی زمان

٣-١- سیاسەتی زمانی لە وڵاتاندا

٣-٢- سیاسەتی زمانی لە ئێراق

٣-٣- سیاسەتی زمانی لە باشوری کوردستان

## ٤- چارەسەرکردنی بارودۆخی زمانی کوردی

## له دەسدانی زمان لە دەسدانی نەتەوەیە

### پێشەکی

لێکـــۆڵینەوەکە بە ناونیشـــانی (له دەســـدانی زمـــان، لە دەســـدانی نەتەوەیە)، بـاس لە هەژمـونی زمـانی ئینگلیـزی ئەم ڕۆژگـارەی سـەردەمی دەسەڵاتی کوردی دەکات، بۆ سەر زمانی کوردی نەتەوەیمان. هەژمـونەکە بەڕادەیەکە هەستپێکراوە لە لایەن خەڵکی ڕۆشنبیر و ئەکادیمی و کەسـانی نەتەوەیـــیەوە بەوەی ئەگەر وا بـــڕوات، مەترســـی هەژمـــوونی زمـــانی ئینگلیزی، بۆ داهاتووی نەتەوەکەمان، زۆر بە خراپ ڕەنگەدەداتەوە، زمانی کـــوردی دەکـــاتە زمـــانی دووەمـــی کوردســـتان و ئینگلیـــزیش بە هـــۆی بەرپرسانی نەزانەوە لە دام و دەزگاکانی کوردستان دەبێتە زمانی یەکەم.

وردە وردە، وا ڕەچاو دەکەم، کورد وتەنی، ئەگەر ئاوا بای هەژمـونی زمـانی ئینگلیـزی لەم کـونەوە بێت، دەبێت بە ڕەشـەبا و کاسـە و کەوڵـی خۆمان و زمانەکەمـان وەکو نەتەوە دەپێچێتەوە و دەبینە وڵاتـی جیبوتی. ئەوان بە ڕەگەز عەرەب و ئەفەریقـــایی بە زمـــانیش ئینگلیـــزی. ئـــێمەی کوردیش بە نەتەوە کورد و نەوەکانی داهاتوومان بە زمـان دەبنە ئینگلیـز. ئەمە لە زۆر وڵاتـی ئەفەریقـایی ئـاوای لێهـاتووە، بە زمـان فەڕەنسـایی و ئینگلیـــزی، خۆیـــانیش میللەتـــی ئەفەریقـــایی. دوای مـــاوەیەک زمـــان و نەتەوەکەشـمان لە دەسـدەدەین. ئەم باسـە، بە مەبەسـتی ئاگـادارکردنەوە، تیشـکی جیـاوازی هەسـتپێکراوی لە مەیـدانە جیاوازەکـانی نـاو کوردسـتان خســـتۆتە ســـەر ئەم حـــاڵەتە نـــاڕەوایە، پاشـــان خـــاڵی چارەســـەرمانیش دیـــاریکردووە، دواتـــر دەمێنێـــتە ســـەر دەســـەڵاتی جێبەجێکـــردن. لەســـەر ڕۆشـنبیران و نەتەوەییەکـان و ئەکادیمیـانە لە دژی بوەسـتنەوە، ڕادە بـۆ هەژمونی زمانی ئینگلیزی بۆ سەر کوردی دابنرێت و کۆتایی پێبهێنرێت.

## له دەسدانی زمان له دەسدانی نەتەوەیه

زمـانی کـوردی، زمـانی پێشـینانی خـاوەن یەکەم شارسـتانییەتە، به ناوی میسـۆپۆتامیا، که له لایەن (سـۆمەرییەوه بۆ یەکەمجـار له هەزارەی سـێیەمی پـێش زایـن[1] له بەشـی میسـۆپۆتامیای خـواروو سـەریهەڵداوه. دواتریش کرا به (وادی الرافدين) و تەعریب کرا.

واته له ئـێمەی کـوردی خـاوەنی زەوتکـرا، بـووه شارسـتانیەتی عەرەبەکان و شانازی پێوه ئەکەن. کەواته زمانی کوردی مێژوویەکی دیار و دێرینی هەیه، پاشان بۆته پێپەستی لەشکری گریک، عیلام، بابل و ئەکەد و دواتر لەشکری ئیسلام تالانی کرد و له ناوی برد و سوتاندی، ئەوەشی گونجاو بوو، بۆ خۆیان بردیان.[2]

لەگەڵ هەمـوو ئەم مێـژووه ڕونـاک و تـاریکەی نەتەوەی کـورددا، زمـانی کـوردی تـا ئەم ڕۆژگـارەی ئێسـتا به باشـی خـۆی پاراسـتووه و بەردەوام بـووه. تـایبەتێتی، ڕەسـەنایەتی و نەتەوایەتـی خـۆی پاراسـتووه. هەرچەنـده به هـۆی دابـڕان، دابەشـکردن و پـارچه پـارچەکردنی بەپێـی پەیمانی زوهـاو له ساڵی ١٦٣٩کرایه دوو بەشـەوه، دواتریش له ئەنجامی جەنگی دووەمی جیهانا دایه پێنج بەشەوه.

به هـۆی ئەم دابەشـکردنەی نیشـتمانی کـوردەوه، زمـانی کـوردی، کەلتـووری، مێـژووەکەی کەوته بەر کـاریگەری و هەژمـونی زمـان و کەلتـووری پێـنچ وڵاتـی داگیـرکەری عەرەب، فـارس، تـورک و ئـازەر و دواتـریش ڕوسـەوه له ١٩١٧دا. لەم کەیـن و بەینەیـا زمـانی کـوردی و کەلتوورەکەی قەدەغەکرا، بـاجی لەسـەر دانرا. هەندێکجار لێره و لەوێدا پشـوویەکی کەمـی دەدایه مێـژوو، دواتـر گەڕانەوه بەرەو دواوه بـۆ قەدەغەکردنی.

هەرچۆنێک بوو، زمانی کوردی و کەلتوورەکەی، وەکو ڕاستییەکی مێژوویی توانی خۆی بپارێزێ، ڕەسەنایەتی و تایبەتێتی و نەتەوایەتی خۆی لە دەسنەدا.

تا گەیشتە ئەم ڕۆژگارە سوپاس بۆ خوا، بۆ بەرزی شاخە سەرکەشەکان و بۆ خۆڕاگریی نەتەوەکەی، زمانی کوردی سەلامەتە و بەهێز و تواناوە وەڵامی گێژەڵوکەی بای هەژمونی دەسەڵاتی ئەو زمانانە و دەسەڵاتدارەکانی داوەتەوە.

لێرەوە پێویستە هێما بکەین بۆ پێناسەی زمان کە خۆی لە خۆیدا بایەخدار و بە کەڵکە بۆ ئەم وتار و کۆنفرانسە کە بۆ دەربەستبوونی زمانی کوردی پێکهاتووە بۆیە دەڵێین:

زمان بۆ پەیوەندیکردنی نێوان مرۆڤە، دیاردەیەکە لە ناو کۆمەڵی مرۆڤەوە سەریهەڵداوە. بۆیە نە زمان بەبێ مرۆڤ، نە مرۆڤیش بەبێ زمان دەبێت. لێرەوە زمان پەیدابوو، ژیانی مرۆڤی ڕێکخست، پێشکەوت، لە ئاژەڵی سەر زەمینی جیاکردەوە. لێرەدا گەر زمان نەبێ، مرۆڤیش نەدەبوو.

وەک مرۆڤیش بوو، کۆمەڵێ جیاوازیی مرۆڤایەتی لێوە پەیدابوو. واتە لێرەوە، نەتەوەی جیاجیا، بە هۆی زمانی جیاواز و مرۆڤی جیاجیاوە پەیدابوو.

کەواتە زمان بۆتە هێمای ناسینەوەی نەتەوەکان، هەر نەتەوەیەک بە زمانەکەی دەناسرێتەوە، لە نەتەوەی تر جیادەکرێنەوە، لە کتێبە پیرۆزەکانیشا ئەمە هاتووە .

ئەمجا زمانێک هەر دیاردەیەک بێت، لە ژیانی مرۆڤا، وەرچەرخانێکی گەورە و بێڕادەی بەرپاکردووە. ژیان بەبێ زمان ناچێتە ڕێگاوە. بۆیە پێویستە مرۆڤ بایەخی تەواو بداتە زمانەکەی، لە لایەک ژیانی ڕێکخستووە، لە لایەکی ترەوە بۆتە ناسنامەی نەتەوایەتی، هۆی بەردەوامی و مان و پێشکەوتنی بەردەوامی ژیان و سەردەم.

زمان بۆتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، بۆ پەیوەندیکردنی خەڵک و ڕاپەڕاندنی ئیش و کار و بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکانی بەکاریدەهێنێ.

جیاوازیی کۆمەڵی مرۆڤایەتی لە ڕووی ڕەگەز و زمان و کەلتوور و شوێنی جوگرافییەوە نەتەوە و میللەتی جیاجیای لێکەوتۆتەوە.

بۆیە هەریەک لەم بنەما و ڕەگەز جیاوازانە، هەڵگر و ناسنامەی نەتەوەیی پێکدەهێنێ، پێیدەناسرێتەوە، پێی دیاردەکرێت. کەواتە زمان ناسنامەی مان و بوونی نەتەوەکانە. بەبێ جیاوازیی زمان و کەلتوور، نەتەوەکان جونناکرێن (پۆلکردن) و ناناسرێتەوە.

لێرەوە زمانی کوردی، لە ناو سنوری خاکی نیشتمان و نەتەوەکەیدا، بۆتە ناسنامە و پێناسین و هێمای نەتەوەیی بۆ کورد، لە نیشتمانەکەی کە کوردستانە، لە سەرانسەری سنوری بوونیدا بەکاردەهێنێ. کۆمەڵی کوردەواری بەستۆتەوە بە یەکتر، چارەنووسی هاوبەشی مێژوویيان هەیە، لە ڕووی هەست و نەستەوە پێکەوە بەستراون، داناماڵرێن لە یەکتر. ئەوەی هەوڵی پەراوێز خستنی زمانی کوردی دەدات، نەتەوەکە پەراوێز دەخات، ڕۆڵەکانی لە یەکتر دوورئەخاتەوە، لە یەکتریان دەترازێنێ، ئەمەش تاوانێکی گەورەی نەتەوەییە، پێویستە هەموو کورد لە ئاست ئەمەدا بێدەنگ نەبێت، چونکە هەوڵێکی دوژمنانەی دژ بە کوردە، بۆیە

پێویسته لەمەدا بە بەرنامە و پلانی زانستی و دروست و تۆکمەی نەتەوەییەوە بەرانبەری بوەستن و زمانی کوردی نەتەوەییمان بپارێزین.

لە ناو بنەماکانی بوونی نەتەوەدا، واتە (زمان، خاک، مێژوو، بەرژەوەندی و چارەنوسی هاوبەش) تەنانەت یەکێتیی ئابووریش، هەرچەندە ئەمەی کۆتاییان بۆ کورد، لەبەر دابڕانی نیشتمانەکەی، لەبەریەک هەڵوەشاوە، دیارە کاری لە زمان، کەلتوور و مێژووەکەشی کردووە.

لێرەدا دەردەکەوێ زمان پیرۆزە، مان و بوونی نەتەوەیە. بۆیە ناکرێت بایەخی پێنەدرێت، خزمەت نەکرێ و فەرامۆشبکرێ. بەمە تایبەتێتی نەتەوەبوون لە دەسدەدرێت. نەمانی زمان و فەرامۆشکردنی، نەمان و فەرامۆشکردنی نەتەوەیە.

### ١- بواری بایەخدان بە زمانی کوردی

گرنگترین شت بۆ بایەخدانی زمانی کوردی بەکارهێنانێتی لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی نەتەوەی کورددا. وەک لە:

١ - پەیوەندی قسەکردن و هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکا.

٢- بواری پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا.

٣- ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری ڕۆژانەی ناو خەڵک.

٤- ڕاگەیاندن و هەواڵ.

٥- دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە.

٦- پەیوەندیی ئابووری و چالاکی بازرگانی.

٧- بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و حکومەت.

ئێستا بە هۆی نەبوونی بەرنامە و بێ پلانیی حکومەتی کوردی، لە هەرێمی کوردستانا، ئەم بوارانەی بەکارهێنانی زمانی کوردی کەوتۆتە بەر شالاوی بەکارهێنانی زاراوە و وشەی زمانی بێگانە، بە شێوەیەکە گەر بەردەوام بێت نەک هەر زمانی نەتەوەییمان دەشێوێنێی، بەڵکو بەرەو نامۆ بوونی دەبات. ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکە هەر دەزگا و ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵێک بە بێ پلان زاراوەی بێگانە و سەقەت و نامۆ بە زمان و فەرهەنگی کوردی بەکاردەهێنێت.

**١-١- لە بوار دەنگ:**

بەکارهێنانی ئەم زاراوانە لە لایەن ئەوانەوە، بە شێوەیەکە کار لە دەنگ و دەربڕینی زمانی کوردی کردووە. واتە ئەو وشانەی دوورن لە شێواز و چۆنیەتی دەربڕینی دەنگسازی زمانی کوردی. بۆ نموونە

وشەی کامپیوتەر لە جیاتی کۆمپیوتەر

ڕاپۆرت ←——— ڕیپۆرت

دەربڕینی هەندێک وشەی کوردیش بەم هۆیانەوە، لە ئێستای زمانی کوردییا بە هەڵە دەردەبڕێت و گۆ دەکرێت. بە تایبەتی ئەو وشانەی کە دەنگی ئەلەفۆنیان هەیە واتە بوونی دەنگی هاوشێوە. بۆ نموونە دەنگی (ک-گ) ئەگەر بزوێنی (ی، ێ ،وی ،وێ) بە دوایاندا هات ئەوا ئەلەفۆن (هاوشێوە) لە دەربڕینا پەیدا دەکەن. وەک

کا: کێ، کوێ

یەک: یەکێک

گا: گوێ، گیا، گیان

ک: فۆنیمە ک: ئەلەفۆنە

گ: فۆنیمە گ: ئەلەفۆنە

**١-٢- لە بواری زاراوە**

نموونە بۆ زاراوەی زمانی، کە بە نەزانی هێنراونەتە ناو زمانی کوردی ئەم ڕۆژگارەوە. وەک: (سوپرایز، پرۆفیشناڵ، ئۆپۆزسیون، ستایل، پاکێج، پرۆتیستۆ، لایڤ، سکوڵ، فاکەڵتی، کوالیتی، تراک، ناوزەد، فەراهم).

بڕوانە وشە کوردییە پەتییەکانی ئەم زاراوانە لە جیاتی وشەیەک زیاتریان لە بەرانبەردا هەیە و ڕۆژانە بەکاردێت. وەک: لەناکاوی (ناکاوی)، بەهرەمەند (پیشەیی)، بەرهەڵستکار، شێواز، بەیەکجار (بەیەککەڕەت، کەڕەت) سەرزەنشت (ڕیسوا)، یەکسەر (ڕاستەوخۆ)، پۆل (هۆبە)، لق، چەشن (جۆر)، بەش، دیاریکردن، ڕایی (دابینکردن).

ئەم دیاردەی زاراوە وەرگرتنی زمانی بێگانە دەبێتە هۆی مراندن و فەرامۆشکردنی وشە و زاراوە کوردییەکان. ئەگەر بەردەوامیی هەبێت و ڕادەی بۆ دانەنرێت مەترسی بۆ ڕەسەنایەتی و تایبەتێتی زمانی کوردی دەبێت.

**١-٣- لە بواری ڕێزمانی**

زمانی کوردی لەڕووی وشەسازییەوە زمانێکی لکاوە[٣] چونکە پەیوەندی ڕێزمانی، نێوان کەرەسەکانی ئەم زمانە لکاوە، کە کوردییە بە

هـۆی گیرەکـی ڕێزمـانییەوە پێکـدێت. کەچـی لەم ڕۆژگـارەدا، لە نوسـراوە فەرمـــی و ئەکادیمییەکانیشـــدا دەســـیانکردووە بە پشتگوێخســـتن و فەرامۆشکردنی ئەم گیرەکانە لە نووسیندا بەکاری ناهێنن. نموونە:

ئامرازە پەیوەندیەکانی (بۆ، بە، لە) بۆ حاڵەتی کات، شوێن و چۆنیەتی پاشکۆیان بە دوادێت وەک (دا/ا، ەوە/وە):

لەخوارەوە ← لەخوار

بەڕۆژەوە ← بەڕۆژ

بەناوی خوای پەخشندە و میهرەبانەوە ← بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.

ڕاسـتە جـاری وا هەیە حـاڵاتی ڕێزمـانی لە گەشـە و گـۆڕانی زمانـا نـامێنێ، بەڵام حـاڵەت هەیە جیـاوازە و ناکرێـت دەسـبەرداری بیـت، ئەم حاڵەتە لە کوردییا لەم ڕووەوە چوار پێنج حـاڵەتی وا هەیە لە زمـانی تـرا دەگاتە دوانزە یا زیاتر و تایبەتێتی ڕێزمانی ئەو زمانـانە دەگەیەنێت، نـابێ لێیان بسەنرێتەوە.

**١-٤- لە بواری ڕێنوس**

ڕێنوســی کــوردی، ڕێنوســێکی شــێواو و بەشــێوەیەکی یەکگرتــوو نانوسرێت و نییە. بۆ نموونە تـا ئێسـتا، وشـەی داڕێژراوە یا لێکدراوەکان پــارچە پــارچە دەنوســرێن و نــادرێنە دەم یەکتــرەوە. لە کاتێکــدا لە وشەســازیدا (واتە وشــە فەرهەنگییەکــان) ئەم جــۆرە وشــانە پێویســتە پارچەکانی بدرێنە دەم یەکترەوە.

چـونکه بە هەمـوو پارچەکـانییەوە، یەک واتایـان هەیە. ئەگەر وشـە پـارچەکرا، ئەوا هەر پـارچەیەکی نوسـینی جیـا، کەرەسـەیەکی سـەربەخۆ دەبێـت لە وشەسـازییا، بەڵام لە ئاسـتی ڕستەسـازیدا بە پـێچەوانەوەیە، کەرەسـەی ڕێزمـانی، کەرەسـەی ئەرکیـیە، نەک واتـایی و فەرهەنگـی. بـۆ نموونە:

دەمبەپێکەنین ⟵ دەم بەپێکەنین

شوللێهەڵکێشان ⟵ شول لێ هەڵکێشان

یەکگرتوو ⟵ یەک گرتوو

پشتگوێخستن ⟵ پشت گوێ خستن

فەرامۆشکردن ⟵ فەرامۆش کردن

یا نوسینی هەندێک دەنگ بۆ نموونە (ڕێی قەڵەو(ڕ)) کە نیشـانەکەی نانووسن، لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە، هەمیشە قەڵەوە. بەڵام ئەمە دروست نییە دەبێتە هۆی سەر لێشێواندن، چونکە شێوەکەی تێکەڵدەبێت بە دەنگی (ر)ی سوک و واتە (فلاپ Flap). یا نوسینی دەنگی (وو)ی درێژ کراوە بە (و) بەیەک واو، لەو شـوێنانەی دەربڕینـی درێـژە. ئەمە نابێـت چـونکە تێکەڵبوونە لەگەڵ دەنگی (و)ی کورت بەمەرجێک وابێت. نموونە

دوور ⟵ دور ، ژوور ⟵ ژور

## ٢- سیاسەتی دوو زاری

لە دوای ئەم گرفتـانەوەش، لە ڕۆژگـاری ئەمـڕۆدا، لەبەر سـێبەری دەسـەڵاتی کوردیدا، دەبوایە ئێستا بەرنامە و پلانی زمانی هەبوایە بۆ

خزمەتی زمانی کوردی نەتەوەیی. کەچی لەم ڕووەوە هیچ نابینرێت، واتە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ سیاسەتێکی زمانی نییە، بە پێچەوانەوە، هەستدەکرێ پاڵپشتی بەکارهێنانی سیاسەتی دوو زاری و دوو ڕێنووسی هەبێت، چونکە لە تەلەفزیۆنەکانەوە، بە تایبەتی چەند تەلەفزیۆنێک ئەمە بەدیدەکرێ. ئەمە دەبێتە هۆی شەقبونی زمانی نەتەوەیی کوردی و ڕێنوسەکەی بەرەو دوو زمان و دوو ڕێنوسی. ئەمە لە خۆیدا مەترسی گەورەیە بۆ سەر زمانی نەتەوەیی کوردی، چونکە لە هەموو دنیادا و لە هیچ وڵاتێکا دوو زاری هەمان زمانی نەتەوە، بە هیچ شێوەیەک بەکارنەهێنراوە، وەکو فەرمی و زمانی ستاندارد.

ڕاستە لە وڵاتی وا هەیە، سیاسەتی دوو زمانی هەیە، دوو زمانی جیاوازی ستاندارد بەکاردێت، وەکو لە بەلجیکا، ئوستراليا و سویسرا و کەنەدا. ئەمە کارێکی مرۆڤانە و دیموکراسی و ڕەوشتییە بۆ دەسەڵاتی ئەو وڵاتانە کە مافی نەتەوەکان فەرامۆش ناکەن. ئەمە تەواو پێچەوانەی بەکارهێنانی دوو زاری هەمان زمانە.

## ٢-١- مەترسی بۆ سەر زمانی کوردی

لە دوای نەمانی ڕژێمی پێشوی ئێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ یەوە، بە هۆی ئەو کرانەوەی لە وڵاتی ئێراق و بە تایبەتی لە باشوری کوردستانا ڕوویدا و هاتە کایەوە، بە ڕووی وڵاتی بێگانە ئەوروپایی و ئەمەریکییەکانا، کە زۆر بوونە لە کوردستانا، لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئابووری و تەنانەت لە بواری پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵاشدا هەژموونیان پەیداکردووە.

ئەم هەژموون پەیداکردنە کاریگەریی ئاشکرا و بینراو و هەستپێکراوی هەیە بەسەر زمانی کوردی و کەلتوورەکەی و بواری

کــۆمەڵی کوردەواریشـــی گرتـــۆتەوە. خەریـــکە مـــۆرکە نەتەوەیـــی و ڕەســـەنایەتی و تـــایبەتێتی خـــۆی وردە وردە لە دەســـبدات. ئەوەی لێـــرەدا جێگای مەبەستە هەژموونی زمانی ئینگلیزی، بە ئاشکرا کاریگەریی دیار و بەرچـــاو و خراپـــی دانـــاوە لەســـەر ڕەســـەنایەتیی زمـــانی کوردییـــا. هەژمـوونەکە، وەکـو بەربەسـتێک لەسـەر زمـانی کوردییـا لەم حاڵەتـانە دەرکەوتووە:-

## ٢-١-١- هەژموونی زمانە ئەوروپاییەکان: وەکو ئینگلیزی بۆ سەر زمانی کوردی لە بواری:

أ/ قۆناغەکـانی خوێنـدن، لە بـاخچەی سـاوایانەوە بـۆ زانکـۆ. لە باشوری کوردستانا بە هۆی نەبوونی سیاسـەتی زمـانیی نەتەوەییەوە بۆ پاڵپشتی زمانی کوردی، واتە نەبوونی بەرنامە و پلانی زمانی. قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆیەکی زۆر کراوەتەوە بە زمـانە ئەوروپاییەکـان، زیـاتر لە هەموویـان بە ئینگلیـزی. لە دوای ڕژێمـی ئێـڕاقەوە، زمـانی ئینگلیـزی نەک هەر شـوێنی زمـانی عەرەبـی گرتـۆتەوە، بەڵکو لە ڕووی بەکارهێنـانەوە لە خوێندنی ئەهلی، کۆمپانیا و دام و دەزگای تر زمانی کوردی بەلاوە نراوە، بەکارنـاهێنرێ. جـاران لە کوردسـتانا هەژمـوونی عەرەبـی تەنیـا لە نـاو پۆلەکانا وەکو زمانی ڕەسمی هەبوو نەک ئاخـاوتن و بەکارهێنـان، کەچـی زمانی ئینگلیزی بە مەودایەکی فراوان لە کۆڕ و کۆبوونەوە ستراتیژی و سیاسیەکانیشدا زمانی یەکەمە بۆ نموونە لە (پەیمانگای میری).

ب/ زمـانی ئینگلیـزی کـراوەتە مەرجـی دەرچـوون بـۆ وەرگـرتن لە خوێندنی بـاڵای ماجسـتێر و دکتـۆرادا، ئەویـش بە نمرەیەکی بەرز و دیـار نەک ئاسایی.

ج/ زمانی کوردی بە بڕیار خراوەتە خانەی ئارەزووی قوتابییەوە بۆ تاقیکردنەوە گشتییەکانی ئامادەیی لە پۆلی شەشەمدا.

د/ کرانەوەی سەنتەری فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ مەبەستی وەرگرتن لە خوێندنی باڵادا، ئەویش نرخی مادی بۆ دانراوە.

هـ/ هەندێک لەم دەزگا فێرکردنانە کە بە زمانە ئەوروپاییەکانن، هاوینان قوتابییە کوردەکان وەکو بەرنامە گەشتییان پێدەکەن بۆ وڵاتی خاوەن زمانەکە. وەکو فەڕەنسا، ئەڵمانیا، تورکیا ... هتد

و/ هەمــوو چــالاکی و بــۆنەیەک بەو زمانــانە ئەنجامــدەدرێن. یــا ئاراستەکە بەرەو بەنرخکردنی زمانە بێگانەکانە. لەپاڵ ئەمەدا وردە وردە زمانی کوردی دەپوکێتەوە.

ح/ تازەترین بڕیار لە لایەن خوێندنی باڵای هەرێمەوە دەرچووە بۆ قوتابیانی بێگانە، بۆ ئەوەی لە کوردستان، بە زمانی ئینگلیزی خوێندنی باڵای ماجستێر و دکتۆرا بخوێنن[٣]. لەجیاتی ئەوەی کە بە زمانی کوردی بێت کە پێچەوانەکەی بۆ قوتابیانی کورد لە وڵاتەکانیان خوێندن بە زمانی وڵاتە بێگانەکەیە. وەکو ئینگلیزی، فەڕەنسایی، ئەڵمانیایی ... هتد

ت/ هەژموونی ئاینی بە ناوی پیرۆزییەوە، تەنانەت وشەی: ڕۆژباش، شــەوباش، باســی ئــاینی زەردەشــتی و زمــان و کتێبــی ئاوێســتا، بە گژاچوونەوەی هەندێ شاعیر و نوسەر و ئەکادیمی. حەرامکردنی سرودی ئەی ڕەقیب، لێکدانەوەی شیعری دڵداری و خوێندنی. بوونی پەیکەر و پەیکەرتاشی هەژمونی جل و بەرگی ئاینی وەک جبە و سەرپۆشینی عەرەبیانە لە کاتێکدا ئافرەتی کوردی خاوەن جل وبەرگ باڵاپۆشە.

ی/ بوونی کۆمپانیای بێگانە و چەسپاندنی یاسا و ڕێسای خۆی بەسەر کوردستانا. تەنانەت وەرگرتنی کارمەندی کورد مەرجی زمانی ئینگیزی پێویستە.

ک/ هەژموونی کەلتووری بێگانە و نزیکبوونەوە بە بیانوی پێشکەوتنەوە، ئەم خاڵانەی دیاریکرا هەژموونی زمانی ئینگلیزی و بێگانەی تر زیاد دەکا بەسەر زمانی کوردییەوە، لە کاتێکدا ئەو وڵاتانە پابەندبوونی تەواویان بە زمان و کەلتووریانەوە هەیە و یەکێکە لە پیرۆزییەکانیان.

ل/ هەستکردن لای کورد بەوەی زمانی کوردی زمانی زانست نییە. هەرچەندە خوێندنی زانستی کیمیا و فیزیا و بیرکارییە بە کوردی ئەمەی پۆچەڵکردەوە.

**٢-١-٢- کردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی:** لە باخچەی ساوایانەوە تا زانکۆ، بە زمانی خاوەن ئەم دەزگایە پەروەردەییانەوە. هەژموون و کاریگەریی ئەم دیاردەیە، بۆتە هۆی ئەوەی بابەتی بیرکاری و زانستەکان لە خودی پەروەردە و فێرکردنی کوردستان بکرێتە ئینگلیزی. ئەمە وا دەکات قۆناغ بە قۆناغ زمانی خوێندنی کوردی واتە خوێندن بە زمانی کوردی نەمێنێ. بۆیە ئەمە لە دەسدانی زمانی نەتەوەییە.

## ٢-١-٣- ناڕێکی و سەرلێشێواوی و یەکنەبوونی ڕاگەیاندنی کوردی و نەبوونی یەک دوانی (یەک خیتابی) و بەکارهێنانی زاراوەی بێگانە و نامۆ لە خۆوە بە نەزانی

لە هەمان کاتیشدا، بەکارهێنانی دوو ڕێنووسی و بە زۆری لاتینی هەنگاوێکە بەرەو دابڕان و دوورخستنەوە لە ڕێنوسی کوردی، کە سەدان ساڵە چەسپاوە. تەنانەت لە ڕووی زانستیشەوە، بە بەڵگەوە ڕێنوسە

دەسكاریكراوەكە ئەلف و بێی عەرەبی گونجاوترە، بێ گرفتتر و نزیكترە لە كوردییەوە، تەنیا گرفتێك كە هەبێ نەبوونی بزرۆكەیە لە كوردیدا، ئەویش نەبۆتە ئاستەنگ وەكو دەنگی (ع) لە وشە جیاوازەكاندا، كە بە جۆری جیاواز دەنوسرێ. ئەمجا بڕوانە ئاستەنگی بە لاتینی كردنی ئەم دەنگانە بە شێوەی (پیت) وەك: ( غ، خ، ح، ج، ژ، ق، چ، گ) لە زۆر شوێنا وەكو یەكن ... هتد.

## ٢-١-٤- نەبوونی ڕێنوسێكی یەكگرتوو

لە سەرانسەری كوردستانا لەم ڕووەوە كورد، لە ئەدەبیاتی یەكتر دابڕاوە. وەكو دابڕانی كوردی ڕۆژهەڵات و باشور لە ڕۆژئاوا و باكور. لەم ڕووەوە هەوڵی چالاك و مكۆم هەیە بۆ گۆڕینی ڕێنوسی كوردی بەرەو ڕێنوسی لاتینی. لە كاتێكدا هەموو یان زۆربەی سامانی نوسراوی كوردی بە ڕێنوسە كوردییەكەیە كە لە عەرەبییەوە وەرگیراوە.

## ٢-١-٥- یەكنەبوون و یەكنەخستنی پیڕەو و پرۆگرامی خوێندن لە ئاستی نەتەوەییدا

هەرچەندە گۆڕانكاری لە وانەی مێژوو، جوگرافیا و ..... هتد كراوە بە مێژووی كوردستان، جوگرافیای كوردستان. چونكە هێشتا زۆر ڕووداو و بابەتی كوردی هەیە، نەكراوەتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە، ئەمە كاریگەری باش دەبێ بۆ دەوڵەمەند كردنی زمانی كوردی ئەگەر بكرێتە بەرنامەی خویندن.

**٢-١-٦- لاوازیی کەسایەتی کورد و کەمتەرخەمی و بەکەمزانینی زمانی کوردی لە ئاست زمانی ترا**

دوای خستنەڕووی ئەم بەربەستانە لە بەردەم زمانی کوردی، پێویستە دەسەڵاتی کوردی ڕادەیەک دابنێت، بۆ ئەم ئاستەنگەی کە ڕووبەڕووی زمانی کوردی بۆتەوە. ئەم هەوڵەش، لە بوونی سیاسەتی زمانی خۆی دەبینێتەوە، لە هەرێمی کوردستانا، ئەمەش بەوە دەبێت سیاسەتی نەتەوەیی زمان هەبێت لە پێناو باڵا بوونی زمانی کوردی.

**٣- سیاسەتی زمانی**

پێش ئەوەی بێینە سەر سیاسەتی زمانی لە کوردستان، بۆ ڕوونکردنەوەی باسەکە پێویستە باس لە سیاسەتی زمانی لە چەند وڵاتێکا بکەین.

سیاسەتی زمانی بریتییە لە بوونی بەرنامە و پلانی زمانی، لە لایەن دەوڵەتی نەتەوەوە بەرنامەی بۆ دادەنرێت. بە مەبەستی پێشخستن و بایەخدان بە زمانی وڵات و نەتەوە بۆ بەرز ڕاگرتنی. لە ئەنجامدا ئەم پلانە دەبێتە هۆی پەلهاوێشتنی زمان و فراوانبوونی فەرهەنگ و ئاست و ڕادە و مەودای بەکارهێنانی لە ناو وڵاتا. کە هەموو بوارەکانی ژیانی بگرێتەوە، بە باشی.

واتە دەمکوتانی مرۆڤ لە بارەی زمانەوە یا لە بارەی بارودۆخ و حاڵەتی زمانەوە، بابەت و کارێکی تازە نییە. لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵدایە، بۆ دانانی یاسا و بواردان و جێگاکردنەوەی بەکارهێنانی چاک و شایستەی زمان، سیاسەتی زمانی هەوڵی بۆ ئەمەیە، بۆیە سیاسەتی زمانی بۆ هەر زمانێک بەرەو سەرکەوتن بووە. لەم ڕووەوە

دەوڵەت بەرەو ئەوە ئەڕوات، کە زمانێک بکاتە نموونە بۆ ئەمە. جاری وا هەیە، زمانی کەمینە دەسەپێنێ بەسەر زۆرینەدا[٤].

هەڵبژاردن یا بژاردەی ئەلف و بێیەک بۆ ڕێنوسی زمان، یەکێکە لە هەوڵەکان سیاسەتی زمانی.

**٣-١- سیاسەتی زمانی لە وڵاتاندا**

سیاسەتی زمانی لە ناو وڵاتەکانا، لە ڕووی دانانی پلان و خۆ ئامادەکردن و زەمینە خۆشکردن بۆی، لە هەوڵدانا پێگەیەکی نوێیە نەک کۆن.

سیاسەتی زمانی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەما، بە تەواوی لە ساڵی ١٩٥٩دا لە لایەن ئینائۆجنەوە هاتۆتە کایەوە، لە کاتێکا لێکۆڵینەوەی لە گرفتە زمانییەکانی نەرویج دەکرد. بایەخی ئەوە بوو هەوڵی یەکخستنێکی پێوانەیی بدات بۆ وڵات. ئەویش بە هۆی دەستووری ڕێنوسییەوە، لە پێناو دامەزراندنی ناسنامەی نیشتمانیا، کە دوای چەندین سەدە، لە هەژموونی دانیمارک دێت لە نەرویجدا[٥]

لە پێناو پلانی زمانیدا، لە وڵاتانی ئەوروپایا، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، چەندین کۆبوونەوە ئەنجامدراوە. کە تیایدا زانایانی مرۆڤناسی (انترۆپۆلۆجیا)، زماننناس، کۆمەڵنناس و ئابوریناس بەشدارییانکرد. هەموویان لە پێناو و لە بواری سیاسەت و پلانی زمانی کاریان دەکرد. پلانی زمانی بریتییە لە جێبەجێکردنی سیاسەتێکی زمانی [٦]. لەم ڕووەوە (بیار ئیتیان لابورت) سیاسەتێکی زمانی پێشکەشکرد، بەو پێیەی کە چوار چێوەیەکی یاسایی و ئامادەکردنی زمانییە، وەکو کۆمەڵە ئیشێک کە ئامانجی ڕێکخستن و زەبتکردن و مسۆگەرکردنی پایەی

زمانێک یا دوو زمانە. بۆ نموونە زەمینە خۆشکردنی زمانی لە کیبک، پێوانەی زمانی واتە دەستووری زمانی لە کەتەلۆنیا(٧).

بە کورتی سیاسەتی زمانی لە وڵاتانی فرەزمانی لە ئەوروپا، ڕێچکەی ئاسایی خۆی وەرگرتووە، بە پێی بوونی چەند یا دوو زمان لە وڵاتێکا. سیاسەتی زمانی پەیڕەو دەکرێت. واتە بواردراوە بە زمانی دووەمیش، کە بە پێی یاسا و سیاسەتی زمانی بەکاربێت و ڕێگای یاسایی پێدراوە، کە زمانی خوێندن، یا زمانی بەڕێوەبردن، یا زمانی نوسراو و بایەخدار و یاساییەکان بێت. ئەمە لە بەکارهێنانی هەر دوو زمانەکە لە وڵاتەکەیا هەیە. بۆ نموونە لە بەلجیکا زمانی هۆڵەندی فەرمییە، لە هەموو کار و فەرمانە بایەخدارەکانا، فەڕەنسایی لە هەرێمەکانی باشور لە برۆکسلدا شانبەشانی هۆڵەندی پێگەیەکی فەرمی هەیە(٨).

لێرەدا ئەم زمانانە، هی وای هەیە، خاوەن میللەت و پێگەی نیشتمانی خۆیەتی لە وڵاتەکەدا، ئەمە لە وڵاتی دوو زمانا یا زیاتر. نموونەیەکی تر هەیە، زمانێک بێ ئەوەی پێگەی بوونی نەتەوەکەی لە وڵاتێکا هەبێ، بەکاردێت و هەژموون پەیدادەکات. وەک زمانی ئینگلیزی لە زۆربەی وڵاتانی جیهانا، بە هۆی داگیرکردن و دەسبەسەراگرتن بەسەر زۆر وڵاتا، بە تایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو بڵاوبۆتەوە، یا وەکو زمانی فەرمی یا زمانی زانست.

ئەم دیاردەیەی زمانی ئینگلیزی لە ئێڕاق و کوردستانی باشوور تا خۆماڵیکردنی نەوت لە ساڵی ١٩٧٢ لە کۆمپانیای نەوتا بەردەوامی هەبوو، دواتر دای لە کزی. لە کوردستانا لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەدامەوە دووبارە زمانی ئینگلیزی، بە هۆی هاتنی هێزی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی و فەرماندەیی ئەمریکا و بەریتانیا، جارێکی تر، وردە وردە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣یەوە، بەرەو پەیدا دەکات و بەردەوامی هەیە.

بەردەوامییەکەی بۆتە هەژموون و لە زیادبوندایە. بە زۆری لە زانکۆ و قوتابخانەکاندا ئەمە بە دیدەکرێت. لە کاتێکدا ئینگلیز وەکو نەتەوە و میللەت لە ئیراق و کوردستانا بوونی نییە، هەژموونەکەشی زیاتر کوردستانی گرتۆتەوە، چونکە دەسەڵاتی عەرەبی ئێراق و نەتەوەی عەرەبیش، بە پێچەوانەی کوردەوە نە کەوتۆنەتە دوای زمانی ئینگلیزی و زاڵیبکەن بەسەر زمان و کەلتووری خۆیانا و حەز لە ئەوروپایی ناکەن. بۆیە هەژموونی زمانی ئینگلیزی، وەکو لەم باسەدا پێشتر خستمانەڕوو، مەترسی بۆ سەر پێگە و زەمینەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە کوردستان پەیدا کردووە.

ئەگەر ئەم دیاردەیەی هەژموونی زمانی ئینگلیزی، ئاوا بەردەوام بێت، دوای چەند نەوەیەک دەبێت بە زمانی یەکەم. زمانی کوردیش بەدەم کەمتەرخەمی دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان و دامودەزگاکانیەوە، بە تایبەتی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و دامودەزگاکانی تریەوە، بەردەوام لە پاشەکشەدایە، لەبەردەم زمانی ئینگلیزیا، هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کەمهەستی کورد بە گشتی و دام و دەزگا و دەسەڵاتەکەی بە تایبەتی.

ئەمەش لاوازیی کەسایەتی کورد و دەسەڵاتەکەی دەگەیەنێت، پابەندنین بە زمان و کەلتوور و داب و نەریتی نەتەوەیی خۆیەوە، ئەمە بێ باوەری و بڕوا بە خۆنەبوونی کوردە لە بەرانبەر بێگانەدا. بێجگە لەوەی لەدوای ڕاپەڕینەوە، لە ساڵی ١٩٩١یەوە، تاکو ئێستا، دەسەڵاتی کوردی کاری نەکردووە، لە ڕووی پەروەردەی فیکری و بیناکردنی کەسایەتی بەهێزی کورد، کە خۆڕاگر بێ لە بەرانبەر هەژموونی بێگانە، خۆی ڕادەستی بێگانە نەکات بە زمان و کەلتوور و بەها پیرۆزیەکانییەوە، هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ:

1. لاوازیی کەسایەتی و کەسێتی کورد، لە بەرانبەر کەس و خەڵکی بێگانەدا.

2. بۆیە کورد هەردەم و بەزۆری خۆی بەکەم زانیوە لە بەرانبەر بێگانەدا.

3. بێگانە هەردەم هەوڵی شێواندنی شارستانییەتی کوردی داوە.

4. بێگانە زمان و کەلتووری کوردی، بە پاشکۆی زمان و کەلتووری خۆی داناوە.

لە ئەنجامی ئەمەدا، کەسێتیی کورد، دەکرێت بڵێین کەسێتییەکی نەخۆشە. ئەمە وای کردووە لەدوای ڕوخانی یەکەم شارستانیەتەوە کە هی کورد بووە. کەسێتی کوردیش لەگەڵیدا بڕوخێت، تا ئێستا بەکەمی خۆی گرتۆتەوە، بۆ ئەوەی خۆی بگرێتەوە پێویستە نەوەکانی، گەنجان و لاوانی، واتە تێکڕایی ڕۆڵەکانی لەڕووی فیکرەوە پەروەردە بکات، بە پابەندبوون بەو خاڵانە:

1. باوەڕبوون بەوەی کە هیچی کەمتر نییە لە خەڵک و میللەتی تر.

2. نەوەکان ئاگاداربکرێنەوە لەوەی کە کورد خاوەن یەکەم شارستانییەتە، ئەویش شارستانییەتی میسۆپۆتامیا لە سەردەمی سومەرییەکانا داهێنراوە.

3. خاوەن یەکەم دێرین و کۆنە، لە نیشتمانی ئارياییەوە سەریهەڵداوە.

4. خاوەن یەکەم کتێبی پیرۆزی ئایینیە وەکو ئاوێستا و لە سێ وتەدا دروشمەکەی کۆکراوەتەوە: بیری چاک، وتەی چاک و کرداری چاک.

5. دووجار مرۆڤ له کوردستانەوه بۆ یەکەمجار و دووەمجار وەکو مرۆڤی کۆن و مرۆڤی دوای تۆفانی نوح سەریهەڵداوه و ژیان بونی بووه و جاری دووەم ژیاوەتەوه.

6. یەکەم ڕێنوس له خاکی کوردەوه، له سەردەمی سۆمەرییەکانی پێشینانی کوردەوه پەیدابووه.

لێرەدا دەردەکەوێت، سەرەتا ژیان له کوردستانەوه سەریهەڵداوه. بۆیه دەبێت بەو باوەڕ و بەو نەفسەوه، خۆمان به خەڵک نیشانبدەین. که خاوەنی زمانێکی دێرین و کۆنین، کوردی بۆته زمانی شارستانییەت و ئاین، بۆته زمانی دەوڵەت و بەڕێوەبردن، زمانی پەرستگا و خواپەرستی. زمانێک ئەمه پێشینەی بێت، پێویسته بەرز و پیرۆز ڕابگیرێت، به باشی سەیر بکرێت و بایەخی پێبدرێت، مێژوو سەلماندوویەتی زمانی کوردی زمانی دەوڵەتداری بووه. ئێستاش دەبێت ئاوا بێت، بکرێته زمانی پەروەردە و زانست و ئەو نرخ و بایەخەی که هەیبوو بەدەس نەزانییەوه لێی نەسەندرێتەوه.

### ٣-٢- سیاسەتی زمانی له ئێراقا

له سەرەتای دامەزراندنی ئێراقەوه، بگره پێشتریش، زمانی کوردی، لەم بەشەی کوردستانا زمانی خوێندن و زمانی ڕۆژنامەگەری بووه. وەکو سەردەمی شێخ مەحمود دەوروبەری جەنگی یەکەمی جیهان، کوردی زمانی قوتابخانه سەرەتاییەکان بووه له سلێمانی و ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ئومێدی ئیستیقلال، ژیان و دواتر ژین به کوردی بوونه. له ساڵی ١٩٣١ یاسای بەکارهێنانی زمانه ناوخۆییەکان دەرچووه[٩]

شـــارەكانی كوردســـتانی گرتـــۆتەوە، بە تـــايبەتی نـــاوچەی زۆربەنشـــينی كوردیشی ڕەچاوكردووە لە ليوای كەركوكا، كە لە دامودەزگا و دادوەری و قوتابخانەيا زمانی كوردی فەرمی بێت.

دواتر لە ساڵی ١٩٥٨دانرا بە دوو نەتەوەی هاوبەش لە ئێڕاقا وەكو عەرەب و كورد. زمانی كوردیشی گرتەوە لە قوتابخانەكانا، بەشی كوردی لەساڵی ١٩٥٩ لە كۆليجی ئادابی زانكۆی بەغدا كرايەوە. هەزاران كادیری زمان و ئەدەبی كوردی پێگەياند.

گۆڤار و ڕۆژنامە بە كوردی بڵاودەبوونەوە، گۆڤاری شەفەق بە كوردی دەردەچوو. لە ئەنجامی بەيانی يانزەی ئاداری ١٩٧٠، زمانی كوردی بە بڕياری فەرمی كرا بە زمانی خوێندن لە سەرەتاسەری كوردستان بێجگە لە دهۆك، قۆناغی سەرەتای تا ئامادەيشی گرتەوە.

كۆڕی زانياری كوردی دامەزرا، گۆڤار و ڕۆژنامەی جۆراوجۆر بە كوردی بڵاوبوونەوە. ئەم حاڵەتە بە شێوەی هەڵكشان و داكشان تا ساڵی ١٩٩١ بەردەوامبووە. لە ساڵی ١٩٨٦ بۆ يەكەمجار خوێندنی باڵای ماجستێر بۆ زمان و ئەدەبی كوردی، لە زانكۆی سەلاحەدين كرايەوە[١٠] كە تا ئێستا بەردەوامە و لە هەڵكشانايا. تەنانەت بەشەكانی كۆمەڵناسی، مێژوو، جوگرافياش لە كۆليجەكانا بە كوردی تيايا دەخوێنرێت. لە ساڵی ٢٠١٣ زمانی كوردی، بە بڕياری پەرلەمانی ئێڕاق كرايە فەرمی و زمانی سەرەكی بێت لە ئێڕاقا لەگەڵ زمانی عەرەبيدا. ئەگەر چی لە لايەن كورد خۆيەوە، لە دامودەزگاكانی سەر بە ئێڕاق بەكارنەهێنراوە، ئەويش لە ڕێگای وەرگێڕانی يەكسەر و ڕاستەوخۆوە.

ئەمە حاڵەتی زمانی كوردی بوو لە ئێڕاقا. دەكرێت بڵێين بە گشتی سياسەتێكی زمانی لە لايەن حكومەتی ئێڕاقەوە بە باشی پەيڕەوكراوە.

یەکەمجار لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە، لە ساڵی ١٩٩٣ بڕیاری لێدراوە کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا کرایەوە. لەم ڕووەوە پێش کوردستان و دەسەڵاتی کوردی کەوت لە کوردستانی خاوەن حکومەت و پەرلەمانی کوردی[١١]

## ٣-٣- سیاسەتی زمانی لە باشوری کوردستان

لە ماوەی بیست و حەوت ساڵی تەمەنی دەسەڵاتی کوردی لەم بەشەی کوردستانا، سیاسەتێکی زمانی بە فەرمی و بەبڕیار پەیڕەو نەکراوە. ئەویش بەبڕیاردان لەسەر بوون و بەفەرمیکردنی زمانێکی ستاندارد بۆ هەموو کوردستان.

بە پێچەوانەوە، لە وڵاتانی ترا سیاسەتی دوو زمانی یا فرە زمانی هەیە و پەیڕەوکراوە. کەچی لە کوردستانا، بە بڕیار یا بێ بڕیار، سیاسەتی پەیڕەوکردنی دوو زاری زمانی کوردی، لە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستانا بەڕێوەدەچێت. ئەمە بێجگە لە پەیڕەوکردن و بەکارهێنانی دوو ڕێنوسی جیاواز لە هەمان کاتا. ئەم حاڵەتە لە سەرانسەری هەموو دنیایا پەیڕەو نەکراوە و نییە.

ئەم حاڵەتە زمانی کوردی بەرەو دوو زمانی دەبات. واتە ئەو دوو شێوەیەی کە لە کوردستانا بەکاردێت. یەکەمیان مێژوویەکی زۆر و بەردەوامیی هەیە و بڕیوە و دووەمیانیش کە بادینییە لە دوای ڕاپەڕینەوەیە. ئەمە زمانەکە لەیەکتر دادەبڕێت و جیایدەکاتەوە. واتە خودی زمان و کەلتوور و هەستی کوردی دەکاتە دوو لایەنی جیاواز. وەک دوو زمانی نەتەوەیی جیاوازی لێدێت.

ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە، هەروەکو لەم باسەدا پێشتر باسمانکرد و هێمامان بۆ کرد، بە هۆی نەبوونی سیاسەتی زمانییەوە لە

کوردســتانا، هەر دوو زارە بەکــارهێنراوەکە، واتە کــوردی ناوەڕاســت و بادینی کەوتوونەتە بەر تەوژمی هەژمونی زمانی ئینگلیزی، بە تایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە بۆ ئێستا. ئەویش بە هۆی بوار وەرگرتنی زمانی ئینگلیــزی، لە پەروەردە و فێرکــردن و خوێنــدنی بــاڵادا، بە هــۆی ئەو بەربەستانەوە، کە ڕووبەڕووی زمانی کوردی بوونەتەوە. کە پێشتر لەم باسەدا بە فراوانی ڕونمانکردۆتەوە.

جێگــای خــۆیەتی بڵێـین ئەزمـون و تـاقیکردنەوەی گەلان، لە دونیایـا ئەوەمان پێدەڵێت، کە لە قۆناغی ڕزگاریی نەتەوەییدا، وڵاتانی سەرکەوتوو بڕیاری خۆیان لە بارەی دیاریکردنی زمانێکی ستاندارد و بوونی بەرنامە و پلانـی زمانی بۆ وڵاتەکەیـان داوە. بۆ نموونە شۆڕشی جەزائیر دوای سەرکەوتنی، لە ساڵی ١٩٦٢ ئەو بڕیارەی دەرکرد و لە ماوەی دوو ساڵدا بەرنامەی خوێندن بە گشتی و زانکۆ بە تایبەتی کرایە زمانی عارەبی، واتە لە زمانی فەڕەنساییەوە تەعریبکرا.

کەچی لە کوردستانا، حاڵەتەکە تەواو پێچەوانە بۆتەوە. ڕاستە زمانی عەرەبــی لە دامودەزگاکــانی کوردســتانا، لە بەرانــبەر زمــانی کــوردی پاشەکشەیکرد. هەرچەندە ئەو هەژمونەی، کە زمانی ئینگلیزی ئێستا لە کوردستانا لە بەرانبەر زمانی کوردییا پەیداکردووە و هەیەتی. زمانی عەرەبی ئەو هەژمونەی نەبوو کە مەترسی بێت، لەسەر زمانی کوردییا، وەکو ئەو مەترسییەی زمانی ئینگلیزی کە ڕەچاو دەکرێت بۆ سەر زمانی کوردی و ئایندەی ئەم زمانە هەیەتی.

ئەگەر بارودۆخی زمانی کوردی و هەژمونی زمانی ئینگلیزی، بەم شــێوەیەی ئێســتای بەردەوام بێـت لە کوردســتانا، دوای چەنـد نەوەیەک کوردستان وەکو وڵاتی جیبۆتی لێدێت، کە بە ڕەگەز ئەفریقیای و عەرەب،

بەڵام زمانیان بە فەرمی ئینگلیزییە. لە کاتێکا کوردستان وڵاتی کوردە و نەکەمینە و نەزۆرینەی گروپی خەڵکی ئینگلیزی لێبێت.

### ٤- چارەسەرکردنی بارودۆخی زمانی کوردی

ئەگەر بمانەوێت زمانی کوردی پارێزراوبێت، وەکو زمانێکی نەتەوەیی، دەبێت دەسەڵاتی سیاسیی کورد لە کوردستانا بەخۆیدا بچێتەوە، بڕیار لە بوون و دەرکردنی سیاسەتێکی دروستی زمانی بدات، بەرنامە و پلانی زمانی هەبێت. لەم ڕووەوە ڕاوێژ بە زماناس و ئەکادیمی و خەڵکی کۆمەڵناس بکات.

چارەسەرەکە وەکو پێشنیاز بەم شێوەیە بێت:

1. دەرکردنی بڕیاری سیاسەتی زمانی لەگەڵ بەرنامە و پلانی زمانی.
2. پەیڕەوکردنی یەک زمانی ستاندارد کە خاوەن ڕابردووی مێژوویی و بەردەوامی هەبێت.
3. هەر زاراوەیەکی بێگانە وەربگیرێت پێویستە بخرێتە بەر ڕکێفی دەنگسازی کوردییەوە.
4. پەیڕەوکردنی یەک شێوە ڕێنوس، ئەویش ئەوەی کە سامانی مێژوویی سەدان ساڵەی کوردی پێ نوسراوەتەوە.
5. هەڵگرتنی بوونی مەرجی زمانی ئینگلیزی، بۆ وەرگرتن لە خوێندنی باڵادا.
6. قەدەغەکردن و نەهێشتنی قۆناغەکانی خوێندن بە زمانی بێگانە لە باخچەی ساوایانەوە تا زانکۆ.

7. هەڵگرتنی خوێندنی ئەهلی بە زمانی بێگانە لە باخچەی ساوایانەوە تا زانکۆ.

8. هەر دامودەزگــا و کۆمپانیــایەکی وڵاتــانی دەرەوە، کە لە کوردســتانا کــاردەکەن، بخــرێنە بەر ڕکێفــی یاســا و ڕێســای حکــومەتی هەرێمــی کوردستانەوە.

9. یەکخســـتن و یەکبـــوونی زمـــانی ڕاگەیانـــدن لە ڕووی زاراوەوە (مصطلحات).

10. ناونان بە کوردی بۆ مرۆڤ و شوێن و بازاڕ و دامودەزگا و ئوتێل و شەقام.

11. دانــانی لیــژنەی بەرپرســیارێتی، بــۆ لێپرســینەوە لە جێبەجێنەکردنــی بڕیارەکانی خاڵەکانی سەرەوە، لەکاتی سەرپێچییدا.

12. هەر خوێنـدکاریکی بێگـانە زمـان، بـۆ خوێنـدن ڕوو بکـاتە کوردسـتان، پێویسـتە بە زمـانی کـوردی بخـوێنێ. وەکـو چـۆن قوتـابی کـورد لە دەروەی وڵاتـا بە زمـانی بێگـانە دەخـوێنێ، ئەویـش دوای فێرکردنـی کوردی بە کۆرسی خوێندن.

13. ڕێنمــایی و چــۆنیەتی ڕوونکــردنەوە و بەکارهێنــانی کاڵاکــان کە لە دەروەوەی وڵات هـاوردە دەکـرێن بـۆ کوردسـتان پێویسـتە بە زمـانی کوردی بن.

لە کۆتایی ئەم باسەوە پێویستە بڵێین، زمان بڕبڕەی پشـتی نەتەوەیە، بنەمــایەکی ســەرەکیی بــوونی نەتەوەیە، لە دەســدانی دەبێـتە هــۆی لە دەســدانی نەتەوە، چــونکە نەتەوە و مــیللەت، ئەگەر زمــان لە دەســبدات،

بوونی نامێنێ. بوونی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی نەتەوەیە. بە نەمانی زمانی نەتەوەیی، نەتەوە دەکەوێتە بەر ڕکێفی هەژمونی زمانەکەی، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ بووە. لێرەدا نابێ ئەوە لەبیر بکرێت لە دەسدانی زمانی یەکەم، کە زمانی نەتەوەیە یا زمانی دایکە، خەڵک پەنا بۆ زمانی دووەم و زمانە هەژمونداره‌کە دەبات و بەکاریدەهێنێ. ئیتر وردە وردە، بە درێژایی زەمان و سەردەم، بە تایبەتی لە لای نەوەکانی دواترەوە، نەتەوەکەیان لەبیر دەکەن و دەبنە هاوڵاتی و هاوزمانی زمانی دووەم کە بۆ کورد پێدەچێت زمانی ئینگلیزی بێت.

مرۆڤ بە لە دەسدانی خاک و نیشتمانەکەی لەوانەیە، ئەگەر بە کۆمەڵ، یا بە گرووپی زۆر، لە شوێنێکا دوور لە وڵاتی خۆیان بگیرسێنەوە، زمانەکەیان لە دەسنەدەن، هەرچەندە خاک و نیشتمانیان لە دەسداوە. بۆ نموونە کوردانی خوراسان، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دوور خراونەتەوە، بەڵام زمان و نەتەوەکەیان لە دەسنەداو، زیاتر پەند و هاوبەستەی زمان و کەلتووری کوردەوارین. یا کوردانی دوورخراوەی دەوروبەری قەفقاس، بۆ وڵاتی دوور لە کوردستان و ئەرمەنستان و ئازربایجان وەک لە کازاخستان و ئۆزبەکستان و کۆمارەکانی تری ئەو وڵاتانە، کە بە لە دەسدانی خاک و نیشتمان، زمانیان لەدەسنەداوە، بە پێچەوانەوە زیاتر پابەندی زمان و کەلتووری کوردەوارین.

## ئەنجام

1. لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و نەتەوەییدا، ئەزمون و تاقیکردنەوەی گەلان، پێویستە دەسەڵات بڕیاری هەبێت لە بارەی سیاسەتی زمانی و بەرنامە و پلانی زمانییەوە.

2. زمان بە بایەخدان و پشتیوانی دەسەڵاتی نەتەوەیی بەرەو پێشەوە دەچێت، پێشدەکەوێت و پەرەدەسێنێ.

3. لە هەموو دنیایا دەسەڵاتی نەتەوەیی و نیشتمانی بوار ناداتە زمانی نەتەوە و وڵاتی تر هەژمون بخاتە سەر زمانی نەتەوەیی و وڵاتەکەی.

4. لە هیچ وڵاتێکا، لەمسەر و ئەو سەری جیهانا نەبووە، نەتەوە و وڵاتێکی هاوزمان دوو زاری زمانەکەی خۆی بگاتە زمانی بەڕێوەبردن و فەرمی.

5. دوو زمانی جیاوازی هەمان وڵات دەبێت بۆ نموونە وەک لە ئیراق زمانی کوردی و عەرەبی بەکارهاتووە لە دامودەزگاکاندا.

6. نابێ بوار بدرێت قۆناغەکانی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی بێت، یا بە فراوانی خوێندنی ئەهلی بکرێتەوە مەگەر لە حاڵەتی زۆر پێویست و دەگمەن نەبێت.

7. نابێت و ناشایستەیە فێربوونی زمانی ئینگلیزی بکرێتە مەرجی وەرگرتن لە خویندنی باڵادا.

8. نابێت بە ناوی پیرۆزییەوە هەژمونی زمان و کەلتووری غەیرە لە وڵاتا بڵاوبێتەوە، پێویستە ڕێگای لێبگیرێت، بەوەی ببێتە جێگرەوەی کەلتوور و زمانی نەتەوەیی.

9. پەروەردەکردنی نەوەکان، لە باخچەی ساوایان وماڵەوە تا زانکۆ، لەسەر بنەمای پیرۆزیی زمان، کەلتور، خاک و مێژووی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەشی نەتەوەیی کوردی.

10. نابێت بوار بدرێت هیچ دیاردەیەکی نامۆ و ناشایستە لە وڵاتا بڵاوبێتەوە، کە بزانرێت زیان بە داهاتووی نەتەوەکەمان دەگەیەنێت.

11. بڕیاردان بە خوێندنی کوردی، واتە زمانی خوێندن و زانست لە باخچە و قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکان بە کوردی بێت. ئەوەی ئاستەنگە مەودا و بواری بدرێت تا دەکرێتە سەر زمانی کوردی، ماوەی دوو ساڵی بدرێت تا بڕیارەکە سەرکەوتوو بێت.

12. وەستانەوە دژ بە هەر شت و دیاردەیەک، کە بزانرێت لە ئێستا یا ئایندە دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر زمان، کەلتور و نیشتمان و نەتەوەکەمان.

13. یەکخستنی زاراوەی کوردی، بە سود وەرگرتن لە زاراوە و وشەی زارە جیاوازەکانی زمانی کوردی.

14. ڕادەیەک بۆ هەڵە و هەڵسوکەوتی ڕاگەیاندنی کوردی دابنرێت، کە دژ بە بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردیمان بکەوێتەوە.

15. پێویستە لیژنەی جیاجیا دابنرێت لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، بۆ دیاریکردنی ناوی شوێنەکان بە کوردی. کە ناوی کەسایەتی، شوێن،

ڕابردووی مێژوویی، وڵاتپارێزان و ڕۆشنبیری نەتەوەیی بگرێتەوە، لەگەڵ ناوی غەیرە کورد کە هاوکاری کورد بوونە.

## پەراوێزەکان

(١) الدكتور احمد الخليل، عباقرة كردستان في القيادة السياسية، مؤسسة موكرياني، ط ١، ٢٠٠٩، ص ١٥.

(٢) جمال نبز، المستضعفون الكرد و اخوانهم المسلمون، منشورات كوردنامه، لندن ١٩٩٧، ص١٦٠

(٣) د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی ٢، کۆمەڵگەی چاپخانەی داودی – کەرکووک ٢٠١٤ ،ل ١٩٩، وێب سایتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان، ڕۆژی ٢٠١٧/٤/٢٥کورد سکولەر شیپ.

(٤) لويس جان كالفي، السياسات اللغوية، ترجمة: محمد يحياتن، الدار العربية للعلوم ناشرون، ط 1، مؤسسة محمد بن راشد ال مكتوم، مطابع الدار العربية للعلوم، بيروت٢٠٠٩، ل ٧ .

(٥) لويس جان كالفي، السياسات اللغوية، ل ٨ .

(٦) لويس جان كالفي، هەمان سەرچاوە، ل١٠.

(٧) هەمان سەرچاوە، ل ١١.

(٨) پ. د. رفیق شوانی، زمان و سنور، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٦)، ساڵی ٢٠١٦، ل ١٩-٤٥ .

(٩) الوقائع العراقية ( الجريدة الرسمية ) ، العدد ٩٨٩ في ١ حزيران ١٩٣١ الوثيقة : ١ قانون اللغات المحلية رقم (٧٤) لسنة ١٩٣١.

(١٠) وزارة التعليم العالي و البحث العلمي ، الامر الوزاري المرقم ٧ س / ١٦٢٢٨ في ١٩٨٦/١١/٢٩، المقبولون في الدراسات العليا.

(١١) لەساڵی خوێندنی 2002-2003 بۆ یەکەمجار لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاری هەشت کورسی خوێندنی باڵا بۆ دکتۆرای زمان و ئەدەب دەرچووە بۆ بەشی کوردی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەڵاحەدین بۆ بەشی کیمیای کۆلیجی زانستی زانکۆی سەڵاحەدینیشی خوێندنی باڵای دکتۆرا کرایەوە. بۆ ئەمە وەکو بەربەست نەک لە ڕووی زانستییەوە لە لایەن عمادەی کۆلیجی ئادابەوە مەرجی تاقیکردنەوەی زمانی ئینگلیزی ڕاگەیەنرا لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەدا بۆ پێنج جار تەنیا کەسێک دەرچوو لە مەرجی زمانی ئینگلیزی هەموو مامۆستاکانی تر لە تاقیکردنەوەکەدا کەوتن. لەسەر ئەمە نوسەری ئەم وتارە وتارێکی تیر و تەسەلی بڵاوکردەوە بە نادروستی و نازانستی دانانی ئەو مەرجە لە لایەن سێ مامۆستای بەرپرسی پرۆسەی خوێندنەکە لە کۆلیجی ئاداب لە عەمیدی کۆلیج بە وەکالەت و دوو مامۆستای تری بەشی کوردی کە بەرپرسی بەڕێوەبردنی وەرگرتن بوون بۆ خوێندنی دکتۆرای زمان و ئەدەبی کوردی. خودی سەرۆکی ئەوسای زانکۆی سەڵاحەدین دکتۆر خەسرە و شاڵی ڕوحی شاد هاتە لام و ڕەخنەی لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پرۆسەکە گرت و سەردانی بەشی کوردی کرد و لەگەڵ هەردولاماندا پێکەوە دانیشت و وتی نابێت وابێت. ئەو مردوو ئێمە هێشتا زیندوین بۆ مێژوو دەیڵێم وتی ((من دەمویست بەشی کوردی شاگوڵ بێت لەم مەسەلەیەدا کەچی بەشی کیمیا لە کۆلیجی زانست وا مانگێکە کۆرس دەخوێنن ئێوەش هیچ نامەوێت وا بێت. ئەم ماستە بێ موو نییە ما قوڵ نییە لە دوانزە مامۆستای ماجستێر تەنیا یەکێک دەربچێت کەچی کەسێک لە شاخەوە هاتووە دوای چەندین ساڵ دابڕان لە زانست و ئینگلیزی کەچی دەرچووە لە تاقیکردنەوەکەدا)).

لێرەدا مەبەستی من لەم مەسەلەیەدا سەرەتای مەرجی زمانی ئینگلیزی وەکو مەرج بۆ وەرگرتنی خوێندنی باڵا ئاوا بوو وەکو کۆسپ دانرابوو بۆ ئەوەی ئێمەی ماجستێر نەبینە خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا لە تەکیانا لەو سێ کەسانەش یەکیان ئەوسا ماجستێری هەبوو هەڵگری نازناوی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر بوو.

بۆ مێژوو دەیڵێم ئەو هەشت کورسییە زۆر بە زەحمەت یەکێکی وەرگیرا. لە ئەنجاما من ڕومکردە بەغدا بۆ خوێندنی دکتۆرا.

ئەمە سەرەتای هەژمونی زمانی ئینگلیزی بوو لە زانکۆی سەلاحەدینەوە دەستی پێکرد. بۆ ئەمە خولی ئینگلیزی کرایەوە بە پارە، بەلام ئەوسا بۆ ئێمە زانکۆ پارەکەی دەدا. دواتر بووە سەنتەری زمان یا مەرجی تۆفڵ و مەرجی بوونی پێنج نمرەی وەرگرتن وەکو توانستی زمانی ئینگلیزی. ئێستا لە بەشی کوردی کۆلیجی زمانی زانکۆی سەلاحەدین لەبەر بەربەستی نمرەی ئینگلیزی ساڵێک خوێندنی ماجستێر و دکتۆرای زمان و ئەدەبی کوردی دواخراوە. ئەمە هەژمونێکە بۆ خۆی بەسەر زمانی کوردییەوە. کەچی لە ساڵی خوێندنی 1993-1994 خوێندنی دکتۆرای زمان و ئەدەبی کوردی لە بەغدا لە بەشی کوردی کۆلیجی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی زانکۆی بەغدا بە فەرمانی دەوڵەتی ئێراق کرایەوە هیچ مەرجی ئینگلیزی لەگەڵدا نەبوو.

ئەوەتا ئێمە مانان بەناو ئینگلیزی نازانین و دەرنەچوو بوین لەو زمانەدا ئەوەتا خوێندنی باڵای ماجستێر و دکتۆرای زمان و ئەدەب ئێمە مانان دەیبەین بە ڕێگاوە. هەر یەکەی چەندین کتێبی زانستیمان هەیە ... ئیتر دەبێ ئەوەی ئینگلیزی نەزانێت زیرەک و بەتواناش نەبێت؟ لە خوێندنی باڵا وەرنەگیرێت؟ ئایە ئەمجا زمانی کوردی زمانی خوێندن و زانست نییە؟ ئەی خوێندنی کورد هەردوو بەشی ئەدەبی و زانستی لە ئامادەیی لە حەفتاکانا تاکو ئێستا ئەی بە کوردی نییە ؟!! چ عەیب و کەم و کوڕییەک لە زمانی زانستی زمانی کوردیدا هەیە چ لە ڕووی زمانی داڕشتن و چ لە زاراوە ئەدەبی و زانستییەکانیدا ؟! ئێوە خۆتان وەلامبدەنەوە.

**ملخص**

(( فقدان اللغة تؤدى الى فقدان الامة))

ان حيوية اللغة تؤدي الى حيوية الامة ، يعتبر اللغة العماد الرئيسي للشعب و الوطن ، ان جميع فعالياتها و نشاطاتها تنفذ بواسطة اللغة.ولهذا يعتبر اللغة القومية حافظا قويا لتراثها و امجادها .

تشكل اللغة من المقومات الاساسية و هويتها القومية للامة، لانها تعرف من خلال لغتها، وهي بمثابة الهوية لها.ولهذا يعتبر الاهتمام باللغة وظيفة قومية مقدسة و مباركة ، يتم ذلك عن طريقة استعمالها في مجالات شتى مثل التأليف و النشر و الترجمة ، وفي ميدان التربية و التعليم العالي و الاعلام ويكون لغة اساسية و رئيسية في جميع مرافق ادارة الدولة .

ان نهضة اللغة في حياة الامة تتم عن ضبطها و تدون اثارها ، و يسجل ما يصل اليه الذهنى الانساني و تنشر المعارف ، و تنتقل الحقائق في الزمان و المكان. ان اهتمام الحكومة و سلطاتها باللغة يجب ان يكون من اولى اولوياتها

وان يقوم بوضع برنامج وخطة شاملة و كافية نابعا من سياستها اللغوية القومية ينعكس في جميع مرافق الحياة و مؤسساتها ، ولا يعطى المجال بالنشأ لأية لغة اخرى بديلا عن اللغة الكوردية حتى لا يؤدي ذلك الى تهميش لغتنا القومية.

**Abstract**

Language is definition of nation, proofs the presence of nation, all of the activities in several fields of a nation in terms of serving nation's culture can be conducted by language.

Also, it's the fundamental of nation composition, since nation is identified by language, therefor it should be seriously taken under consideration by community to protect and value it,

Consideration of language is by utilizing it in different fields of management in country, education, media, publication, also compiling and translation. so the wide activities of nation and community are implemented by language.

Nations that missed their language as Assyrian, Babyions, Medi and Akadis are currently considered as dead.

It's necessary for Kurd individuals and authorities to serve and secure their language, it should not be seen to have less valued in regard of other languages, or to empower other languages over Kurdish and making it as alternative that results in neglecting Kurdish language. Currently in Kurdistan the impact of English language is apparent over Kurdish language which totally should not be accepted, even in scientific field Kurdish language is satisfiable as the other languages

This article demonstrates the risks countering Kurdish language.